# قەڵەم بەدەستی حزبەکان دەیانەوێت سایت و رۆژنامەکان بێ دەنگ بکەن .. ئازاد عەلی

سالانێکی زۆرە کۆمەڵێك قەڵەم بەدەستی ناو ئەحزابی کوردستان یا لە پاڵ حزبەکان وەك موچە خۆرێك کار دەکەن بە زۆری رۆژنامەو بلاو کراوەکانی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردوە هەرچی یان دەنوسی بەراستیان دەزانی بۆ یەك جارێش نەیانتوانیوە راستیەکان بلاو بکەنەوە بۆ خەڵکی کوردستان واتە کلاوەکەت بگرە با نەیبات. لەم سالانەی دوایدا هەندی ئازادی هاتە ئاراوە بە تایبەتی لە رۆخانی سەدامەوە بەلام ئەم حزبانە ئەم ئازادیە بە بەرهەمی حزبی خۆیان دەزانن قەلەم بەدەستی حزبەکانیش هەر وا دەنوسن و بلاوی دەکەنەوە. هەر لەگەڵ پەیدا بوونی کۆمەڵێك کەسی خاوەن بیروباوەری جیاوازو نۆی وە دروست کردنی دەیان رۆژنامەی ئازاد و سایتی ئەنتەرنێت و ریکخراوی سەربەخۆ وەبەرز بونەوەی دەنگی ئازاد و وتیان ئەوە ئێمەش لەم گۆرەپانەداین ئەم کەسانەش زیاتر بە عەقڵیەتی نۆی وە بەبیرو باوەری کوردایەتی و مرۆڤ دۆستانەوە دوور لە قالبی حزبایەتیدا دەنگیان دایەوە ئەمە وای کرد خوینەری ئەم دەنگە ئازادانە رۆژ بە رۆژ لەزیاد بوندا بێ تا ئەندامانی ئەو حزبانە زیاتر کەوتونەتە خویندنەوەی بەرهەمی ئەم دەنگە ئازادانە تا دەسەلاتدارانی ناو حزبەکان زیاتر تەماشای سایت و رۆژنامە ئازادەکان دەکەن و دەیخویننەوە خوینەری رۆژنامەی حزبەکان لە کزیدایە قەلەم بەدەستی حزبەکانیش لەمە نیگەرانن بۆیە کەوتنە دژایەتی کردن پێان وایە کەس لەوان زیاتر رۆشنبیر نیە هەندێ جاریش ئەو سایت و رۆژنامانە بە دەستی دوژمنان ناو دەبەن لەبەر ئەوەی زۆر لەراستیەکان بلاو دەکەنەوە هەندی لەو کەسانەش دەستگیر دەکرین و هەرەشەیان لێ دەکرێت وە نوسینی زۆر کەسیش بە وە ناو دەبرێت لە خزمەتی دۆژمندا بێت بۆ راستی ئەم نوسینەی من بە زۆری قەلەم بەدەستی حزبەکان کەوتونەتە نوسین لەو سایت و رۆژنامانە چ بەناوی خۆیانەوە یا بەناوی نهینیەوە. بەڵی دەست خۆش بۆ خاوەنی سایتە ئازادەکان و خاوەن قەلەمە ئازادەکان و دەنگە بەرزەکان و رۆژنامە ئازادەکان و عەقڵە نویەکان